# پۆلیس و پیتزا !



## هێمن عەبدوڵلا / هۆڵەند

گروپێکی کۆماندۆسی بانگکراو ، دەگەڵ پۆلیسان کۆدەبنەوە ، تا ئەو منداڵە بێگوناهە رزگاربکەن کە کەوتۆتە دەست پیاوێکی درندە و بۆ ئازادکردنی داوای پارەیەکی خەیاڵی دەکات ، ئەو کۆماندۆسانەی هاتوون چاکترین و بەهێزترین کۆماندۆسەکانی مەملەکەتن و لە شێوازی هەڵسوکەوت و گورجوگۆڵییانەوە دەردەکەوێ کە مێشیش لەدەستیان دەربازی نابێت، جاچ بگات بە پیاوێک کە هەموو ئازایەتی و هونەرنماییەکەی بە بارمتەگرتنی زارۆکێکی بێوەیە ! ..
یەکێک لە پۆلیسەکان گیانفیدایی دەکات و خۆی داوێتە ماڵی بارمتەگیرەکەوە ، بەڵام دواتر دیمەنی هەمان پۆلیس کە دەمانچەیەکی لەلایەن پیاوێکی ماسکدارەوە لەسەرسەرە و هاواردەکات : ( لە پێناو ئازادیی ئەو زارۆکە ، خۆم دەکەمە بارمتەی ئەم کابرایە !) ... هەمووان دەتاسێنێ.

*   *   *

پوختەی داستانی فیلمی ( Fliks -Kops ) کە لەلایەن ئەکتەر و فیلمسازی سوێدی ( Josef Fares ) ەوە رۆڵی سەرەکیی گێڕدراوە ، دەربارەی ئۆفیسێکی پۆلیسە کە لە گوندێکی ئارامی سوێدیدا خەریکی چەلەنگییە ! ، ئەو گوندە هێندە ئارامە کە پۆلیسەکانی لە جیاتی چاودێری و بندەستکردنی تاوانباران، ( چونکە کەس تاوان ناکات ! ) خەریکی یاریی پۆکەر و رابواردنی گەنجانەن . هەواڵی دڵتەزێن ئەوەیە کە رۆژێکیان لێپرسراوێکی گەورەی پۆلیسی ناوەندی پێیان دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەم گوندە هیچ تاوانێکی تێدا ناکرێت ، ئۆفیسەکەتان دادەخەین ! ... ئەو هەواڵە بۆ پۆلیسەکان ، بە مانای لەدەستدانی پیاسە و کار و رۆژانی شادییانە ، بۆیەش پیلان دادەنێن کە لە پێناو دانەخرانی ئۆفیسەکەیان ، خۆیان هەوڵی بڵاوکردنەوەی تاوانکاری بدەن ! ، ئیدی شەوانە بە جل و بەرگی نارەسمییەوە و بە تەقەکردن و

ئۆتۆمبێل تێکدان و چێشتخانە سووتاندن هەوڵدەدەن ڕێژەی تاوانکاری ببەنە سەرێ .. بەڵام هەرواش پۆلیسی ناوەندی سوورە لە سەرداخستنی ئۆفیسەکە ! .

*                    *                    *

کێشەی بە بارمتەگیرانی زارۆکێک و خۆ بە قوربانکردنی پیاوێکی پۆلیسیش ، دوایین هەوڵی فێڵبازانەیە کە بۆ دانەخستنی پۆلیسخانەی گوندە ئارام و بێگرفتەکەی سوێد دەدرێت ، بەڵام پاش هەولێکی زۆری کۆماندۆسە بانگکراوەکان ، ئەو فێڵەش ئاشکرا دەبێت و بڕیاری داخستنەکە دەردەچێت .
پاش داخرانی پۆلیسخانەکە ، پۆلیسەکان بیرۆکەیەکی سەرسوورهێنەریان بە مێشکدا دێت ، ئەویش بەوەی کە بڕیاردەدەن لە جیاتی (polis ) ناوی ئۆفیسەکەیان بکەنە ( pizza ) و وەک دوکانێکی پیتزا فرۆشی درێژە بە چەلەنگییەکانیان لە گوندەکەدا بدەن! .

*                    *                    *

ئەوەی ئەو فیلمەی وەبیر هێنامەوە ، بویەرە غەمهێنەکەی هەفتەی ڕابردووی شاری هەولێر بوو ، کاتی خۆی کە ئەو فیلمەم دیت ، یەکەمین شت کە داڵغەی پێلێدام ، بینینی ئەو ڕۆژە بوو کە لە باشوری نیشتماندا , هێندە خەڵک تەنا و ئارام بژیت , کە پۆلیسخانە و ئاسایشخانە و دەزگاکانی هەواڵگری و زیندانخانە تەژییەکان ، یەک لە دوای یەک بڕیاری داخستنیان بدرێت و هەڵسوڕێنەرانی ناچاربن بە دوای کردنەوەی پیتزافرۆشی و چێشتخانەداری و گوڵفرۆشیدا بگەڕێن ، لێ بە داخەوە پێدەچێ حکومەتی کوردستان لەوەودوا پۆلیسخانەی زۆرتر و زیندانخانەی فراوانتر بکاتەوە ... ئاخر لە نامەی( موجاهیدەکان ! ) دا کە بەو بۆنەیەوە بۆ خەڵک ناردبوویان گوتراوە : ئەوە سەرەتایە و چاوەڕوانی جیهادی گەورەتر بن ! .

*                    *                    *

وایدەبینم کە بۆ ئەوەی پۆلیسخانەکانمان ببنە پیتزافرۆشی ، ناچارین ڕێگایەکی سەخت تەی بکەین ، دەستپێکی ئەو ڕێگا سەختەش بڵاوکردنەوەی ڕووناکبیریی خورافەنەپەرستانە و کارکردن لە سەر جێگیربوونی هزری ناتوندوتیژانەیە ، دەشێت لە میتۆدەکانی خوێندندا ، لە جیاتی بە زۆری دەرخوارددانی روناکبیرییەکی تۆتالیتاریی تەقلیدییانە ، پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە هاووڵاتییەکی لێبوردە و کراوە و ئاگادار لە شارستانێتییەکانی تر بەرهەم بێت ، دەگونجێت دەسەڵاتی کوردی چیدی موجامەلەی حیزبە ئیسلامییەکان نەکات و لێیان بپرسێت : کاتێک کەس ڕێگای نوێژکردنی لێناگیرێت ، بوونی ئێوە یانی چی ؟ ، دەشکرێت لێیان بپرسرێت : کاتێک ئیسلامییە توندڕەوەکان تەقینەوە دەکەن ، دووفاقیی هەڵوێستتان لەپای چی ؟! .

www.hemnabdulla.blogspot.com